# پێشەكییەك بۆ
# لاییستێ (عەلمانیەت)

گەی هارشێر

لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد



## ناساندنی چەمکەکە

چەمکی لاییستێ (عەلمانیەت[1]) هەم زۆر فراوانە و هەمیش زۆر بەرتەسکە. بەرفراوانە چونکە پێش هەموو شتێک مانای ئەو سیستمانەیە کە ڕێز لە ئازادیی ویژدان دەگرن، بەو واتایەی ئەو سیستمانە گریمانەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەت «موڵک»ی گرووپێکی دانیشتوان نییە، بەڵکوو بۆ هەموانە، بۆ گەلە (laos بە یۆنانییەکەی) بەبێ هیچ جیاکاری و هەڵاواردنێک لە نێوان تاکەکاندا بەگوێرەی ئاراستەکانیان لە ژیاندا. بەرتەسکە، ئەگەر بێت و خودی دەستەواژەکە و جەنگ دژ بە کاهینسالاریی ئایینی کە چەمکەکە ئاماژەی پێ دەدات، بە تۆخی مەدلولێک لە نەریتی فەرەنسیدا ئاوەژوو بکەنەوە کە وێڕای جەختکردنەوە لە سەر ئازادیی ئایینی، بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لە خۆ بگرێت، ئەمە مەسەلەیەکە کە هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی تر کە بەتوندی پەیوەستن بە ڕێزگرتن لە ئازادیی ویژدان و بنەمای ناجیاکارییەوە، خۆیان لێ نەبان کردوە. بەڵام بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە ناناسێت، لە کاتێکی زۆر زوودا شتەکانی خستە نێو جێبەجێکردنی کردارییەوە: دەوڵەتی فیدراڵی[2] «بە عەلمانی کرا»، چونکە لە پێش زۆر لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە و بگرە لە پێش خودی فەرەنسایشەوە، کرایە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە دۆکترینە ئایینییەکان. یەکەمین هەمواری دەستووری ئەمەریکیی (ساڵی 1791) دەستەبەری جوداکردنەوەی کەنیسەکان و دەوڵەتی فیدراڵیی کرد و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هیچ ئایینێکی فەرمیی تایبەت (established religion)، واتە ئایینێک کە ئیمتیازی سیاسیی هەبێت، بوونی نییە، هەروەها دەستەبەری ئازادیی ڕەهای ئایینیی کرد. ئەمە ناوەڕۆکی «تیۆریی دیوار[3]»ی بەناوبانگە. بەرلەوەیش، لە ڕاگەیاندنی ڤێرجینیای مافەکانی مرۆڤ (1776)ـدا ئاوا نووسراوە:

«ئایین و پەرستش لە بەرامبەر ئافرێنەردا لە ئەستۆن، ڕێگای پێوە پابەستبوونیشیان هەرگیز بەهێز و توندوتیژی نابێت، بەڵکوو تەنیا دەبێت لە ڕێگەی عەقڵ و قەناعەتپێکردنەوە بێت. بەم پێیە، پێویستە هەموو مرۆڤێک خاوەنی ئازادیی تەواوی ویژدان بێت، خودی ئازادییش پێویستە هێندە درێژ ببێتەوە کە شێوازی ئەو پەرستشە بگەڕێتەوە وا ویژدان لە گەڵیدا دەگونجێت...»[4].

هەر ئەو دەستووری ئەمەریکایەیش کە لە ساڵی 1787 دانراوە (لە ماددەی 6 دا) پێوەری ئایینی Religious test دوور دەخاتەوە، واتە جیاکاریی ئایینی سەبارەت بە وەزیفە گشتییەکان.

«لە سایەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، هەرگیز هیچ لێدوانێکی ئایینی تایبەت، وەک پێشمەرجی شیاوییەتی بۆ خەریکبوون بە وەزیفەکان یان پۆستە گشتییەکان، داواکراو نییە».

کەواتە پێویستە خۆمان تەنیا بە وشەکانەوە پەیوەست بکەینەوە، بە نەریتی تایبەتی (فەرەنسی) ئازادبوونەوە - لە ڕێگەی جوداکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت - کە لە چوارچێوەی باوی کاتۆلیکیەتدا سەری هەڵداوە.

## لاییستێ چییە؟

لە یەکەم مامەڵەکردنماندا لەگەڵ بابەتەکەدا دەپرسین: لاییستێ چییە؟ بەر لە هەر شتێک ئەمە ئاماژە بە چەمکێکی سیاسی دەدات: دەوڵەتی لاییست (بە واتا هەرە فراوانەکەی وشەکە) ئیمتیاز بە هیچ میللەتێک نادات، بە شێوەیەکی گشتی بڵێین ئیمتیاز بە هیچ ئەندێشەیەکی دیاریکراوی ژیانی باش نادات، هەمان کات لە سنووری دیاریکراودا دەستەبەری ئازادیی دەربڕین بۆ هەموویان دەکات. سەبارەت بە ویژدان، لە واقیعدا دەسەڵات دەتوانێت بە شێوەیەکی گشتی دوو وەزیفەی تەواو جیاواز ئەنجام بدات. لە لایەکەوە دەتوانێت جیهانبینییەک و چەمکێک بۆ چاکە پیشان بدات: لەم دۆخەدا ڕۆڵی

دەسەڵاتی مەدەنی[5] دەبینێت، واتە دەسەڵاتی کارا لە «سەردەمەکە»دا، لە «جیهاندا»، تاوەکوو ئەو ڕوانگەیە بە سەر ئەوانەدا بسەپێنێت کە خۆبەخۆ بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەری ناگرن. پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە دەوڵەتان، نەریتییانە، لە پێشووتردا ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە و لەمڕۆیشدا زۆربەیان دەیگرن: بۆ ماوەیەکی درێژ سیاسەت، بە شێوەیەکی نیمچە تەواو، ملکەچی ئایینی باڵادەست بوو - هەڵبەت ئەمە بەبێ ململانێ نەبوو -. ئەم ئایینە، کە ڕیشەکانی لنێو ترانسێندنتاڵ و باڵایەتیدا بوو، خۆی بەسەر نەزمە تەواو مرۆییەکاندا دەسەپاند: لە جیهانی عەقڵی باوەڕدار بە خەلق و بەتایبەتی بە یەکتایی ئافرێنەر، لۆژیکییانە شەریعەتی ئافرێنەر بە سەر یاسای ئافرێندراودا زاڵ دەبێت، مافی خوداییش دەخاتە پێش مافی مرۆییەوە.

بەڵام سەدەی بیستەم فێری کردین - ئەگەر هێشتایش پێویستمان بەمە بێت - کە بوونی ئایینی زاڵ پێشمەرجێکی زەروری نییە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئامرازی ئاوەژووکردنەوە و نواندنەوەی ئەندێشەیەک دەربارەی جیهان: کۆمۆنیزم، لە فۆرمە ستالینییەکەیدا، نموونەیەکی دەربارەی ئەتایزم ]ئیلحاد[ی فەرمیی پێشکەش کردین کە بە شێوەیەکی کاراتر لە ئایینە تەقلیدییەکان خۆی بە سەر یاخیبواندا سەپاند. هێندە کاراترە کە بەراورد هەڵناگرێت. چونکە لە ڕاستیدا ئەو ئایینانە هەمیشە پشتیان بە بنچینەیەکی ئەفسانەیی بەستوە، کە بەم یان بەو ڕێگایە بوونە کۆسپ لە بەردەم تازەکردنەوەی کۆمەڵگادا. بەڵام کاتێک ئایدیای «داماڵینی ئەفسوون لە جیهان» (ماکس ڤێبەر) سەری هەڵدا، ئایینەکان تووشی قەیران هاتن و ئەو ئایینانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە جیهانی تایبەتی پاشەکشەیان کرد، ئەوا ئەم جۆرە دیاردانە بەسترانەوە بە پەرەسەندنی بەرچاوی زانستی تەکنیکییەوە، بەتایبەتییش لەو ڕەهەندەیدا کە پەیوەست بوو بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە (هەڵبەت ئەمە تاکە ڕەهەند نەبوو). ئەمە ئەو هۆکارە بوو کە وای لە سەدەی بیستەم کرد ڕژێمە تۆتالیتارەکان (بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەراپای کۆمەڵگا) بەرهەم بێن و ئەمانەیش بۆ خنکاندنی ئازادییەکان لەو ڕژێمە ستەمکارییە نەریتییانەی وا بنچینەی ئایینییان هەبوو، زۆر چالاکتر بوون. لە هەموو دۆخێکدا ئەم تێبینییە دەمانبات بەرەو کرۆکی مەسەلەی زانستی مۆدێرن: وەک دەردەکەوێت،



Guy Haarscher

ئەگەر زانست وزەی بە فکری ڕەخنەیی بەخشیبێت، ئینجا یارمەتیدەر بووبێت بۆ لەنێوبردنی لەسەرخۆی ئەو پێگە و پلەی ئایینیانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە هەژموونیان کردبوو، ئەوا توانای ئەوەیشی خستوەتە بەردەست کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی جڵەوی کۆمەڵگە بگرێت، واتە بە تەواوی یان بە نیمچە تەواوی خەڵکی گۆڕی و کردی بە کەرەستەی ئەوتۆ کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتێکی مەیلەو هەژموون کار بکات.

کەواتە ئەمە ڕۆڵە هەرە باوەکەی سیاسەت بوو: چونکە مۆنۆپۆلی توندوتیژیی ڕەوای لە دەستدا بوو، بۆیە لە بەرژەوەندیی ئەندێشەیەکی تایبەت و دیاریکراو دەربارەی ژیانی باش بە کاری دەهێنا. بەڵام پێدەچێت ڕۆڵی «لاییستیانە»ی دەوڵەت (بە واتا گشتییەکەی) بەتەواوی لەمە جیاواز بووبێت: لەم حاڵەتەدا، دەوڵەت چیتر هەوڵ نادات ڕوانگەی گرووپ یان توێژێکی کۆمەڵگە بەزۆرەملێ بە سەر هەموو خەڵکیدا بسەپێنێت، بەڵکوو بەر لە هەر شتێک لە سەر بنچینەی ئەو ئایدیایە دادەمەزرێت کە زۆرەملێی سیاسی، سەبارەت بە مەیل و ئاڕاستەکانی مرۆڤ لە ژیاندا، بە هەر جۆرێک بێت ناڕەوایە. کەواتە ئازادیی ویژدان جاڕدراو و جەختلێکراوە. کەواتە لێرەوە، ئەی ڕۆڵی دەوڵەت لە دۆزەکانی گەڕان بە دوای «حیکمەت»دا چییە کە بەتەواوەتی لە بازنەی تایبەتمەندییەکانی هەڵکەنرا و لێکنرا بە بازنەی ئاگایی و ویژدانی تاکەکەسییەوە؟ ئەم ڕۆڵە پەیوەستە بە توانابەخشین بەوانەوە کە لاوازترن، کە ژمارەیان کەمترە، کە لە کۆمەڵگادا کەمتر قبوڵکراون، تاوەکوو ببنە خاوەنی وەها ئازادییەک. بە دەربڕینێکی تر، لێرەدا دەوڵەت ڕۆڵی حەکەم[6] دەگێڕێت: بەو واتایەی لایەنگیری چەمکێکی دیاریکراو دەربارەی ژیانی باش ناکات، بەڵکوو بە جۆرێک کار دەکات کە ڕێگە بە کەس نەدات چەمکە تایبەتییەکەی خۆی دەربارەی ژیانی باش بە سەر ئەوانی تردا بسەپێنێت. دەوڵەت واز لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەهێنێت تاوەکوو ئاڕاستەیەکی فەرمی بۆ ژیان بسەپێنێت، بگرە خۆی مۆنۆپۆلی ئەم کارە و چەمکەکە دەکات و ڕەزامەندی دروست دەکات تاوەکوو نەهێڵێت «تاکەکان» ئەم کارە بکەن. هەروەها دەوڵەت خۆی دیسپلین دەکات، توانا ستەمکارییەکانی خۆی کۆتوبەند دەکات، ئینجا کۆمەڵگەیش دیسپلین دەکات. دەوڵەت چیتر بە ناوی ئەندێشەیەکەوە کار ناکات تاوەکوو ئەندێشەکانی تر وەلا بنێت، بەڵکوو بە ناوی هەموو ئەندێشە و جیهانبینییەکانەوە کار دەکات، هەروەها کۆی خەڵک و هەموو گەلیش



**بەڵام سەدەی بیستەم فێری کردین -ئەگەر هێشتایش پێویستمان بەمە بێت- کە بوونی ئایینی زاڵ پێشمەرجێکی زەروری نییە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی وەك ئامرازی ئاوەژووکردنەوە و نواندنەوەی ئەندێشەیەك دەربارەی جیهان**

دەنوێنێتەوە نەک توێژێکی دیاریکراو، نەک ئەندێشەیەکی «جاڕدراو» دەربارەی بوون.

دەزانین وەها پێناسەیەکی گشتگیر بۆ لاییستێ وەک چەمکێکی سیاسی، پێویستە ڕوون بکرێتەوە و دیاری بکرێت تاوەکوو بگونجێت لەگەڵ مێژووی کۆنکریتی ئایدیاکە و لە ئەو ململانێیانەدا کە ئەم چەمکە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا، بە شێوەیەکی جیاواز لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەرجەستەیانی کردووە. بەڵام پێم وایە پێویست بوو لە سەر بنەمایەکی بەرچاو و لە ڕوانگەی هەڵوێستێکی ڕوونەوە بچمە نێو مشتومڕەکەوە، ئەگەرچی لەبەر مەبەستی فێرکاری، بە شێوەیەکی کاتی زیاد لە پێویست سادەیشم کردووەتەوە. تەنانەت لەم ئاستە گشتییەیشدا، دەتوانین جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە بەدیهێنانی ئەم جۆرە ئایدیاڵە کێشەگەلێکی بێسنوور دەخەنە بەرچاو: ئەو بنچینە کۆمەڵایەتی، کەلتووری، دامەزراوەیی و بگرە ئابوورییەی کە پێویستانە کامانەن کە پێویستن بۆ چەسپاندنی ڕژێمێک وەک ڕژێمی وەها ئازادییەکی ویژدان؟ بۆ ئەوەی مەسەلەکان ڕوونتر ببینین، پێویستە ڕۆ بچینە نێو توێژینەوەی لە چەمکی لاییستێ بە واتا بەرتەسکەکەی، یان بە واتا فەرەنسییەکەی گوزارشتێکە، تاوەکوو




*Cardinal Richelieu*

بتوانین تایبەتمەندیەتییە شیمانەییەکەی زەق بکەینەوە بەراورد بە ئەزموونە هاوچەرخەکانی تر لە بواری کارکردن بۆ ئازادکردنی ویژدان لە باڵادەستیی سیاسی.

## لاییستێی فەرەنسی

### 1.ڕژێمی کۆن و گالیکانیزم[7]:

کەواتە لاییستێ جوداکردنەوەی نێوان ماف و چاکە دەخوازێت، واتە دانانی سنوورێک لە نێوان بواری سیاسی، کە لە خزمەتی هەموو گەل laosدایە لە لایەک، وێناکردنە ملکەچەکانی بوونی ویژدانی تاکە کە ناتوانرێت بە سەر ئەوانیتردا بسەپێنرێت، لە لایەکی تر. ئایینەکان بە تایبەت دەچنە بواری چاکەوە، واتە ئەو ئەندێشانەی کە بە گوێرەیان ئەخلاق لە سەر بنەمایەکی باڵا باڵادەست دەبێت، لە کیانێکدا بەرجەستە دەبێت کە بە جۆرێکی ئۆنتۆلۆژی بە سەر خەڵکە ئاساییەکاندا ترانسێندنتاڵ دەبێتەوە و لەمەیشەوە، لە ڕووی پرەنسیپەوە، لە بازنەی حوکمی خەڵک دەر دەچێت. ئایینی کاتۆلیکیی ڕۆمانی، بەتایبەت دەسەڵاتی کەنیسە و دواجار دەسەڵاتی پاپا (دەسەڵاتی دۆگمایی یان دەسەڵاتی ڕەهایی ئەخلاقی) دەخاتە بریی دەسەڵاتی دنیایی، ئەمەیش بە ئەرکی تەفسیرکردن و لێکدانەوەی

دەقە پیرۆزەکان بە جۆرێکی وا کە ژیانی باوەڕداران ئاراستە بکات. زۆربەی ئایینەکان ئایینی «سیاسی»ــن، یان ئایینی سیاسی بوون، بەو واتایەی هەوڵیان داوە بە ناوی حەقیقەتێکی پیرۆز و گشتگیری هەمەلایەنی بوونەوە، لەپێناو ڕیشەکێشکردنی خراپەدا دەسەڵاتێکی زۆرەملێ بخەنە بریی «دەسەڵاتی مەدەنی». بەڵام ئایینی کاتۆلیکی ئایینێکی دوو هێندە سیاسییە، ئەگەر دەربڕینەکە بگونجێت: ئەم ئایینە تەنیا هەژموونی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەر ئەورووپا نەکێشا کە یاسای باوەڕی تایبەت بە خۆی هەر بە زۆرداری سەپاند، بەتایبەت لە ماوەی دادگاکانی پشکنیندا، بەڵکوو لە دیوێکی دیکەوە خودی ڕێکخستنەکەیشی سیمای ئێجگار سیاسیی هەبوو: پاپا، کە سەرۆکی دەوڵەتێک بوو لە کاتی یەکخستنی ئیتاڵیا و «دەستگرتن بە سەر ڕۆما»وە (ساڵی 1870) هەتا دەهات بچووکتر دەبوویەوە، لە هەر دامەزراوەیەکی دنیایی باشتر ڕۆڵی سیاسیی پیاوی ئایینی بەرجەستە دەکرد. لە هەموو دۆخێکدا کەنیسەش، وەکوو هەموو ئایینەکانی تر، پشتی بە دەوڵەتان دەبەست: دەیویست بە بەدەستهێنانی لایەنگریی ئەمیرەکان سەر بکەوێت و بیباتەوە، لە بەرامبەردا، ئەمیرەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد خۆیان فەرمانی خودا لە سەر زەوی بەرجەستە دەکەن؛ لەمەوە بە جۆرێکی حەتمی دەبوو ناکۆکی لە نێوان بانگەشەکانی «ڕزگاری» (کاتۆلیکی)ـی پاپایی و بانگەشەکانی پادشا مەسیحییەکاندا سەر هەڵبدات. ناتوانین لە مێژووی لاییستێی فەرەنسی تێبگەین بە بێ ئەوەی ئەم جۆرە بارودۆخە لە زەینی خۆماندا بهێڵینەوە. فەرەنسا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کورسیی پێغەمبەرایەتی دوور کەوتەوە، ئەوە دەسەڵاتی پادشاکان بوو ڕێگەی بەمەدا، واتە لە سەردەمی فیلیپی جوان Philippe le Belـەوە، کە لە ساڵی 1285ـەوە تاوەکوو 1314 حوکمی کرد: فیلیپ بەرپەرچی دەستتێوەردانی پاپایی لە کاروبارەکانی فەرەنسادا دایەوە، بەم جۆرەبوو کەوتە ناکۆکییەوە لەگەڵ پاپا بۆنیڤاسی هەشتەمدا، لەمەیشەوە سیاسەتێک سەربەخۆ و سەربەست لە ڕۆمای سەر پێ خست. ئەمە زێدی ئەو شتەبوو کە بە گالیکانیزم ناو دەبرێت، واتە ئایدیایەک کە بە گوێرەی ئەمە چیتر پادشای فەرەنسا دان بە هیچ دەسەڵاتێکی باڵا لە سەر زەویدا نانێت. گالیکانیزم بە «مەرسومی بۆرگس Bourges» (ساڵی 1438) دەرکەوت، کە شارلی حەوتەم دژ بە دەسەڵاتی پاپاکان دەری کرد. پەیماننامەی ئایینی[8] لە ساڵی 1516دا، دەسەڵاتی ناونانی «ئەمیرەکانی کەنیسە[9]»ی لە نێوان پادشا و پاپادا دابەش کرد[10]. گالیکانیزم لەگەڵ ڕیشیلیۆ Richelieuدا پتەو بوو، پاشان لە سەردەمی لویسی چواردەیەمدا گەیشتە ترۆپکی خۆی، بە پشتیوانیی کتێب و نووسینە عەقیدەییەکانی بۆسوێ Bossuet: بۆسوێ لە ساڵی 1682دا جاڕنامەی ئەکلیرۆسی فەرەنسای نووسی کە ئاماژە بەوە دەدات پاپا و کەنیسە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە ‹‹جگە لە دەسەڵاتی کاروبارە ڕۆحییەکان کە پەیوەستن بە ڕزگاریی ئەبەدییەوە، هەرگیز هیچ پەیوەندییەکیان بە کاروبارە مەدەنی و زەمەنییەکانەوە نییە... پادشاکان سەبارەت بە کاروبارە زەمەنییەکان، بە فەرمانی خودا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی کەنیسە نابن››[11].

کەواتە جێنشینی خاوەن ماف خودایی هەوڵی دا نازناوی سەرۆکی ڕۆحی و زەمەنی، کە (بە واجب) سەرۆکی مێگەلی مەسیحییە (بگرە سەرۆکی کاتۆلیکیشە بەر لە جاڕدانی بەیاننامەی نانت لە ساڵی 1898دا و لە کاتی هەڵوەشاندنەوەیەوە لە ساڵی 1685دا) لە ڕۆما داماڵێت. لەبەر ئەمە، گالیکانیزم مەرج نییە ڕاستەوخۆ



*Max Weber*

واتای پێشکەوتنی «لاییستیٚ» بێت، بە واتای «لە کاتۆلیکخستن»ی بواری سیاسی: گالیکانیزم تەنیا بەندە بە داماڵینی ئایینی کاتۆلیکییەوە لە یەکێک لە ڕەهەندە سیاسییەکانی، واتە شوێنکەوتەیی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی بێگانە. ئەو تانەوتەشەرەی کە لە یەسوعییەکان درا، بەتایبەتیرش لە فەرەنسا (لە ساڵی 1764دا بوو کە ڕەهبانیەت لەوێ هەڵوەشێنرایەوە)، هیچ نەبوو جگە لە ڕەنگدانەوەی بەشێکی گەورەی ئەم دۆخە.

پادشایەتیی فەرەنسی، تەنانەت لە سەروەختی شۆڕشیشدا[12]، لەگەڵ هەژموونی «فەرمی»ی کاتۆلیکیەتدا هاوشوناس بوو: دەوڵەت حوکمی کەنیسەی گالیکانیزمی دەکرد، بەڵام لە بەرامبەردا ئەم کەنیسەیەش خاوەنی گەلێک ئیمتیازاتی گرنگ بوو (کۆنترۆڵی فێرکردنی کردبوو، ئەکلیرۆسیش چینی یەکەمی شانشینەکە بوو... هتد). لە بەرامبەر وەها پێگەیەکی کەنیسەدا، لاییستیٚ هێدی هێدی خۆی دەسەپاند.

## 2. شۆڕش و دەستووری مەدەنیی ئەکلیرۆس

لەو ڕوانگەیەی پێشووەوە، دەتوانین سەرنجی چەندین ماوە بدەین کە بە لۆژیک و مۆرکە زەمەنییەکەیدا دەناسرێنەوە. لە کاتی شۆڕشی فەڕەنسییدا کەنیسە هەستیکرد لە ژێر هەڕەشەدایە و کەوتە دۆخی ئامادەباشی و وریایی. مەرسومی 12ی تەمموزی 1790 لە بارەی دەستووی مەدەنیی ئەکلیرۆسەوە، دابەشبوونێکی قووڵی خستە

نێوییەوە، چونکە پیاوانی ئەکلیرۆسی ناوبراو بە «یاخیبووان» زاڵ بوون، بەبێ ئەوەی توانای ئەوە هەبێت بە تەواوەتی بچنە نێو نەزمە نوێیەکەوە. کەنیسەی دەستووری بینیی لە چەندین لایەنەوە ملکەچی بۆ حوکمی گەل، واتە بۆ دەوڵەت: چونکە هەر لەو کاتەوەی کە چیتر کاتۆلیکیەت ئایینی دەوڵەت نەمابوو، بە پارادۆکسەوە دەر کەوت کە لە هەر کاتێکی تر زیاتر ڕۆ چووەتە نێو بواری سیاسییەوە. ئەسقۆفەکان لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنی پارێزگاوە، کاهینەکان لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمەکەوە هەڵدەبژێردران؛ پلەوپایەی پیاوانی ئایینی لە لایەن گەل (ئومەت)ـەوە دیاری دەکران؛ سەرەڕای ئەمەیش سەرجەم دەستکەوت و ئیمتیازاتەکانیان لە دەست دا وەک بەرەنجامێکی لۆژیکیی ڕووداوەکانی شەوی 4ی ئابی 1789[13]. کەواتە مەسەلەکە پەیوەستە بە جۆرێک لە «گالیکانیزم»ـی پەرگیرەوە، بە ملکەچبوونی ڕەهای کەنیسەوە بۆ سیاسەت، لەگەڵ ئەو چۆنیەتەی وا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەم جارەیان دەوڵەت چیتر نوێنەرایەتیی فەرمیی چاکەی سەرخەری کەنیسەی فەرەنسی ناکات، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە. لە ڕاستییشدا بانگهێشت کرا بۆ ئازادیی ئایینی، لە ماددەی 10ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی، کە لە 26ی ئابی 1789دا دەرچوو: ‹‹نابێت هیچ کەسێک بە هۆی بۆچوونەکانیەوە، تەنانەت بەهۆی بۆچوونە ئایینییەکانییەوە، ڕووبەڕووی بێزارکردن و هەراسانکردن ببێتەوە، بەو مەرجەی ئەمە نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بەو ڕژێمە گشتییەی کە یاسا بڕیاری لێداوە››. هەروەها لە مەرسوومی 24ی کانوونی یەکەمی 1789دا هاتوە: ‹‹غەیرە کاتۆلیکەکان بۆیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا و بەگوێرەی پێشمەرجە دیاریکراوەکان خۆیان هەڵبژێرن یان خۆیان کاندید بکەن، ئەوانیش وەک هەموو هاوڵاتییانی تر، شیاوێتی ئەوەیان هەیە سەرجەم وەزیفە مەدەنی و سەربازییەکان ئەنجام بدەن...››.

بەڵام ئەم ئازادبوونە هیچ بەهایەکی نەبوو تەنیا بۆ پرۆتستانتەکان نەبێت، بەڕووی یەهودییەکانی لێ دوور خرابوونەوە[14]. ئەمانە تەنیا دوای کۆششێکی درێژ بوو کە بەتەواوەتی، لە کۆتایی کۆمەڵەی دامەزرێنەردا و بەگوێرەی مەرسومێک کە لە 27ی ئەیلوولی 1791دا دەر چوو، ئازاد بوون[15]. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدرێت کە بە میتۆدی بەلاییستێکردنی فەرەنسی، لە سەرەتادا لە گوتاردانە بەناوبانگەکەی کلێرمۆن - تۆنێر Clermont- Tonnerre، بەرجەستە بوو کە داکۆکیکاری دیاری ئازادبوونی یەهودییەکان بوو، ئەو گوتی: ‹‹پێویستە هەموو ئەو مافانە ڕەت بکەینەوە کە بە یەهودییەکان دراوە وەک ئومەتێک، ئینجا قبوڵی سەرجەم ئەو مافانە بکەین کە وەک تاکەکەسان هەقی خۆیانە. پێویستە ئەوان لە نێو دەوڵەتدا دەستەیەکی سیاسی یان ڕژێمێک نەبن. پێویستە ئەوان بە شێوەکی تاکەکەس هاوڵاتی بن...››[16]: ئەگەر پێویست بێت دەوڵەت لە «مەزهەبەکان» جودا بکرێتەوە (کە هێشتایش لەم کاتەدا ئەمە زۆری ماوە کامڵ ببێت)، ئەوا لە هەمان کاتدا پێویستە مەزهەبیش دەستبەرداری هەموو ئیمتیازێکی سیاسی ببێت، کەسەکانیشی وەک هاوڵاتی لەگەڵ ئەوانی تردا یەکسان بن، دەبێت پابەندییە سیاسییەکان بۆ یەک نیشتمان بێت، نەک بۆ پەیوەستییەکەیان کە لەو کاتەوە بووەتە پەیوەستیی تایبەت[17]. وەها دانپێدانانێک بە ئازادیی ویژداندا - کە دانپێدانانێکی هێندەکییە، چونکە لە ڕاستییدا هێشتایش ئەتایستەکان ناگرێتەوە[18]- لە سەرەتادا هەرگیز واتای دەستبەرداربوون لە ناوەندەکانی هەژموونی کاتۆلیکی، واتە ئایینی پادشا، نەبوو. بەڵام

نغرۆکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕادیکاڵیزمدا، کە بەندبوو بە ڕەوشی هاوشێوەی پیاوانی «یاخیبوو»ی ئەکلیرۆسەوە، شەبەقێکی مەترسیداری خستە نێو کۆمەڵگەوە. سەرەڕای ئەوەیش، بزووتنەوەی بەرپەرچدانەوەی باوەڕی مەسیحی و هەروەها ئایینە شۆڕشگێڕییەکان (ئایینی کۆماری، ئایینی خواوەندی عەقڵ، ئایینی بوونەوەری باڵای ڕۆبسپیری[19]...) فاکتەری گرنگی ئەوە بوون کەنیسە پێگەکانی دەسەڵاتەکەی لە نێو دەوڵەتدا لە دەست بدات (کە بە ناوی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە داگیری کردبوون، کە پێشتر ئەنجامدانیانی بە ئەستۆوە گرتبوو)، دەوڵەتێک کە لە سێکولاریزەکردنی کاروبارە مەدەنییەکانەوە هاتبووە ئاراوە و بەگوێرەی دەستووری ساڵی 1791 بڕیاری لێ دراوە:

‹‹لە ڕوانگەی یاساوە هاوسەرگیری هیچ نییە جگە لە پەیمانێکی مەدەنی. دەسەڵاتی یاسادانان چۆنیەتیی سەلماندنی لەدایکبوونەکان، بەڵێننامەی هاوسەرگیری و مردوان، بۆ هەموو دانیشتوان بەبێ جیاکاری دیاری دەکات؛ دوو فەرمانبەری فەرمی دادەمەزرێنێت تاوەکوو وبەم کارە ڕابگەن و بیبەستنەوە بە کۆتوبەندەکانەوە››[20].

## پەراوێزەکان:

(1) لە نووسینی کوردیدا زاراوەی «لاییستێ» زۆر باو و ناسراو نییە، زیاتر وشەی «عەلمانیەت»ی عەرەبی بۆ «سێکیولایزم»ی ئینگلیزی بە کار دەهێنرێت، لە کاتێکدا ئەوەی مەبەستە لە هەموو ئەم زاراوانە «لاییستێ»یە. هەڵبەت ئەمەیان فەرەنسییە و پێشتریش «عادل باخەوان» سەرنجی لەم جیاوازییە داوە. بە بڕوای ئەوا زاراوە دروستەکەی عەلمانیەت «لاییستێ»یە نەك «سێکیولاریزم». لەم دەقەیشدا زاراوەی لاییستێ بە کار هێنراوە، بۆیە ئێمەیش وەکوو خۆی بە کاری دەهێنین و خۆمان لە وشەی سێکیولاریزم بە دوور دەگرین. هەڵبەت «لاییست» لە بریی «سێکیولاریست» و «لاییك» لە بریی «سێکیولار» بە کار دەهێنین. (و. کوردی).

(2) بەڵام ویلایەتەکانی ئەندام لە دەوڵەتی فیدراڵیدا نا: ئەم ویلایەتانە لە ڕووی دەستوورییەوە تەنیا ئەو کاتە پەیوەست بوون بە ڕێزگرتن لە ئازادیی ئایینییەوە کە هەمواری دوای جەنگی جودابوونەوەی ساڵی 1861ـ 1864ی بۆ زیاد کرا.

(3) تیۆریی سەرۆکی ئەمەریکی تۆماس جیفەرسۆنە کە پێشنیاری دروستکردنی دیوارێکی مەجازیی جیاکەرەوەی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دەکات. (و. عەرەبی).

(4) ئەمیل بۆلا لە کتێبەکەیدا هێناویەتییەوە:

Liberté, laïcité. La guerre des deux France et le principe de la modernité,

پاریس، بڵاوکراوەکانی لوسێرف، 1987، ل81.

(5) لە سەدەی سیانزەیەم و چواردەیەمدا، ئەوانەی لە لایەن دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕەوە بە هەرتەقە و گومڕایی تۆمەتبار دەکران، ڕادەستی دەسەڵاتی مەدەنیی (دنیایی) دەکران کە ئەرکی ئەنجامدانی حوکمەکەیانی بە ئەستۆوە دەگرت. بەڵام لە سەدەی پانزەیەمدا، لە ڕێگەی کاری دادگاکانی پشکنینی ئیسپانیاوە، تۆرکیمادای ڕاهیبی دۆمەنیکی پەنای بردە بەر جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، حوکمەکەیش بە سەر 2000 تۆمەتباردا جێبەجێ کرا.

(6) دواتر سنوورەکانی چەمکی دەوڵەت - حەکەم لە ڕوانگەی هاوڵاتیی کۆمارییەوە دیاری دەکەم.

(7) (Le gallicanisme): ڕێبازێکی تیۆلۆژیی سیاسی بوو، لە فەرەنسا سەری هەڵدا و داوای سەربەخۆیی کەنیسەی کاتۆلیکیی فەرەنسی لە کورسیی پێغەمبەرایەتی دەکرد. (و. عەرەبی).

(8) (La Concordat): پەیماننامە یان ڕێککەوتنێکە بە شێوەی ڕاستکردنەوەی گرێبەست لە نێوان دەسەڵاتی دنیایی و کورسیی پێغەمبەرایەتی لە ئامانجی سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاپا. (و. عەرەبی)

(9) کاردێلەکان و ئەسقۆفەکان.

(10) دانیال برینیاك، D. Berensniak، La laïcité، پاریس، بڵاوکراوەکانی گرانشییە، 1990، ص 40.

(11) مۆریس باربییە M. Barbier لە کتێبی La laïcitéدا باسی کردووە، پاریس، لارماتان،1995، ل20.

(12) بڕیاری لێبووردەیی کە لە تشرینی یەکەمی 1787دا دەر چوو، باسی لەوە کردووە «غەیرە کاتۆلیك» هەن کە شایەنی ئەوەن وەك «ڕەعیەتە چاکەخوازەکان» دانیان پێدا بنرێت و خاوەنی پێگەی مەدەنی بن (بیرینیاك، سەرچاوەی پێشتر، ل46). یەکەمین بڕیاری لێبووردەیی لە ئەورووپا بەفەرمی جۆزێفی دووەم لە ساڵی 1782دا دەری کرد. بەر لەوە، لێبووردەییەکی کردەیی ڕاستەقینە لە دەوڵەتانی ملکەچبووی فریدریکی دووەم، پاشای ڕووسیادا هەبوو.

(13) لەو شەوەدا ئەنجومەنی نیشتیمانی، بە کۆی دەنگ، دەنگی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ماف و ئیمتیازاتە فیوداڵییەکان دا، یەکسانی تەواوی لە نێوان هەموو فەرەنسییەکاندا ڕاگەیاند. ئەکلیرۆسیش ناچار کرا دەستبەرداری دە زەریبەکە ببێت. (و. عەرەبی)

(14) بڕوانە: ڕوبێر بادینتیە R. Badinter, Libres et égaux. L'émancipation des Juifs (1789-1791)، پاریس، فایار، 1989، ل163.

(15) هەمان سەرچاوە، ل 117ـ 138 و 213 ـ 221.

(16) هەمان سەرچاوە، ل149.

(17) ڕیبویڵ Rebwell، جێگری کۆلمار، کە دژی ئازادبوونە، دەڵێت: ‹‹قسەتان چییە دەربارەی کەسانێك دیانەوێت ببنە فەرەنسی و لەگەڵ ئەوەیشدا بەڕێوەبەرە یەهودییەکان دەهێڵنەوە، تەنیا دەستدەگرن بە کتێبی دادپەروەری یەهودییەوە؛ کەسانێك دیانەوێت بگەن بە یاسای دیکە دەربارەی میرات و وەسیەت و ساڵی پێگەیشتن، و...هتد، یاساگەلێك کە جیاواز بێت لە یاسای فەرەنسییەکان و دەرودراوسێکانی... ئەوەتا خۆتان دەبینین ئەوە من نیم یەهودییەکان هەڵاوێر دەکات، ئەوە خۆیان خۆیان هەڵاوێر دەکەن››. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل144).

(18) پۆرتالیس Portalis بەرگری لە فرەیی ئایینی دەکات، بەڵام دەڵێت: چەندە ئایین خەڵکی یەك دەخات، هێندە گومانگەرایی ئەتایستی خەڵکی لە یەکتری دادەبرێنێت؛ ئەتاییزم وا لە خەڵکی ناکات لێبووردە بن، بەڵکوو وایان لێ دەکات نەیار بن؛ هەموو ئەو داوایانە دەپسێنێت کە بە یەکترییەوە دەمانبەستنەوە (...)، خۆخۆشەویستی بەهێز دەکات و کار دەکات بیگۆڕێت بە نەرگسییەتێکی ئەسەفبار، گومانەکان دەگۆڕێت بۆ حەقیقەتەکان، هەوا و هەوەسەکان بەهێز دەکات و بێتوانا بەرامبەر هەڵەکان دەمێنێتەوە (....) لە ڕێگەی ئازادیی دەربڕینەوە مل دەنێت بەرەو ئازادیی ئەنجامدانی ڕەزیلەتەکان؛ وا لە دڵ دەکات بتوێتەوە و هەموو خۆراگرییەك تێك دەشکێنێت؛ کۆمەڵگە ناوبۆش دەکات و دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی›› (جان پیرۆ Vers un nouveau pacte laïque، پاریس، بڵاوکراوەکانی سۆی، 1990، ل43).

(19) پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ڕۆبسپییر لە بەهاری 1794 و لە سەرووەختی کەوتنیدا، ئەم ئایینەی دامەزراند، لایەنی کەم بە شێوەیەکی هێندەکی دژ بە پەرگیریی پەیوەست بە پەرستنی عەقڵ دای ڕشت (بە شێوەیەکی کەرنەڤاڵی، پەیکەرێکی دارین دەسووتێنرا کە ئەتاییزمی دەنواندەوە، بەر لەوەی لە شام دو مارس Champ de_Mars دا، بۆ سروشتی تازە بلاڵێتەوە).

(20) بڕوانە: باربییە، سەرچاوەی پێشوو، ل31. هەڵبەت ئەم مەرسوومە لە پێش حوکمی مافەکانی کەسەکان لە یاسای مەدەنیی ساڵی 1804دا دەرچوو.

## سەرچاوە:

ئەم وتارە پێشەکیی ئەم کتێبەیە:

غي هارشير، العلمانية، ترجمة: رشا الصباغ، تدقيق: د. جمال شحيد، المؤسسة العربية للتحديث الفكري، دار المدى، الطبعة الأولى، سورية، 2005، ص 5-17.